# له پڵنگه بریداره‌کان و سه‌مبۆڵه به‌زۆر دروستکراوه‌کان بترسن

**خۆشناو مه‌ریوانی**

meriwany@aol.com

فه‌لسه‌فه له‌بنه‌ره‌تدا میتۆدی بیرکردنه‌وه‌یه. مه‌نهه‌جی فه‌لسه‌فه، هیچ نییه جگه له‌وه‌ی میتۆدێکه هه‌موو یاساکانی سرووشت، و دیارده‌کانی ژیان و هوشیاری، ره‌نگ دانه‌وه‌ن له‌م حه‌قیقه‌ته‌دا (2). له‌م روانگه‌یه‌وه زۆرکه‌س له‌مێژووی ئاده‌میزادا، به‌شداری له‌کۆششی زانستی و فه‌لسه‌فه‌دا کردووه. هێگل له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا جگه‌له‌وه‌ی مامۆستایه‌کی فه‌لسه‌فه‌بووه، به‌شداریه‌کی زیندووانه‌ی له‌م بواره‌دا کردووه. له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مه‌وه تائێستا، ئه‌گه‌ر کارکردن له فه‌لسه‌فه‌دا هه‌ڵیسه‌نگێنین به‌سه‌ده‌کانی پێشووی مێژووی ئاده‌میزاد، له‌ماوه‌ی ئه‌م دووسه‌د ساڵه‌ی رابوردودا، فه‌لسه‌فه کاری زۆر بۆکراوه، که‌سانێکی زۆر له‌خزمه‌تی فه‌لسه‌فه‌دا کاریان کردووه. نامه‌وێت بزانم کامیان فه‌لسه‌فه‌ن و کامیان فه‌لسه‌فه‌نین، چونکه مه‌به‌ستی نوسراوه‌که‌م نییه. ئه‌وه‌نده ده‌ڵێم: ئه‌گه‌رچی چه‌نده‌ها جۆر فه‌لسه‌فه هه‌بێت. به‌لای هێگله‌وه له‌ناو هه‌موویاندا ته‌نیا یه‌ک رێبازیان به‌فه‌لسه‌فه داده‌نرێت. هه‌روه‌ها هه‌رکه‌سێک کاری بیردۆزی کرد مانای ئه‌وه‌نییه که فه‌یله‌سوفه.

له‌ژێر تیشکی روناکی ئه‌م راستییه‌دا، ستالین دوابه‌دوای لینین، به‌ناوی مارکسیزمه‌وه، په‌یره‌وی فکرۆکه‌یه‌کییان ده‌کرد، ناویان نابوو، فه‌لسه‌فه یان فه‌لسه‌فه‌ی ماتریالیزمی دیالیکتیکی. ئه‌م فکرۆکه‌یه ( له‌سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌وه)، پارتی بۆلشه‌فیک و دواتر ده‌وڵه‌تێکی وه‌کی یه‌کێتی سۆڤییه‌ت ریکلامی بۆ ده‌کرد و په‌یره‌ی میتۆدی ئه‌م بیرۆکه‌یه‌بوون. نزیکه‌ی سه‌ده‌یه‌که، گه‌لێ که‌س و پارتی سیاسی و ده‌وڵه‌تان، په‌یره‌وپرۆگرامی کاری سیاسی و فکریان به‌م میتۆده بوو، که زه‌ره‌رێکی هێجگار گه‌وره‌ی له‌بیری ئاده‌میزاد داوه. ئه‌توانم بڵێم ئاده‌میزاد پێویستی به‌کاتێکی هێجگار زۆره، تاله‌م مۆته‌که‌ی بیره رزگاری ببێت. له‌م نوسراوه‌دا به‌پێویستی ده‌زانم، هه‌ندێ ووشه، که په‌یوه‌ندی به‌بابه‌ته‌که‌مه‌وه هه‌یه، بۆئه‌سڵه مێژووییه‌کانیان بگه‌رێنمه‌وه.

هه‌روه‌ها بزانین چۆن ؟ زاراوه‌ی فه‌لسه‌فی له‌مانا بنه‌ڕه‌تێکانیان بۆشکراون. دوواجار بۆ به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی و دژی کۆمه‌ڵ پیاده کراون. له‌م زاراوانه که‌به‌لامه‌وه گرنگن، زاراوه‌ی ماتریالیزم و دیالیکتیکه.

لینین ئه‌م دوو زاراوه‌یه‌ی به‌ئه‌نقه‌ست له‌یه‌ک مووتوربه کردوون، که ئه‌نجامه‌که‌ی بیرۆکه‌یه‌کی لێبه‌رهه‌م هێناون ناوی ناون ماتریالیزمی دیالیکتیکی، یان فه‌لسه‌فه‌ی "مارکسیزم". ئه‌توانم بڵێم؛ ئه‌م مووتوربه‌کردنه، سه‌ره‌تای بنچینه‌ی ته‌بریری درۆ و غه‌دره مێژووییه‌کان بوون. ئه‌وه‌نده‌ی شاره‌زای بابه‌ته‌کانی مارکسبم له هیچ نوسراوێکیدا، زاراوه‌ی ماتریالزمی نه‌خستۆته پاڵ دیالیکتیکه‌وه. به‌باشی ده‌زانم، که نوسراوه‌که‌م، به‌شیکردنه‌وه‌ی ئه‌م دوو زاراوه‌یه ده‌ست پێبکه‌م. بۆئه‌وه‌ی یارمه‌تیده‌رێکم بێت، تابتوانم، دژی تێزه‌کانیان زانستیانه‌تر بنووسم ئاسانتر رای خۆمیان له‌سه‌ر شیبکه‌مه‌وه. چونکه بۆ پێشێلکردنی بزوتنه‌وه‌ی مێژووی لێکدانی ئه‌م دوو زاراوه‌یه، زیاد له‌سه‌ده‌یه‌که، هه‌موو دیکتاتۆره‌کانی جیهان به‌کاری ده‌هێنن.

به‌پێویستی ده‌زانم، له‌ئاکامی مه‌نهه‌جیی فکریان، خوێنه‌ر ئاگادارکه‌م. که له‌سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی پێشوودا لینین و هاوبه‌نده‌کانی کردیانه مه‌نهه‌جی فکر و په‌یڕه‌و و پرۆگرامی سیاسی و ئابووریيان. بووه قه‌ڵایه‌کی ئاسنینی مه‌حکه‌م، که له‌ناویدا قه‌ڵاچۆی کام دیارده‌ی جوان بوو کردیان.

مارکس هه‌رگیز ئه‌م دوو ووشه‌یه‌ی له‌پاڵ یه‌کتردا به‌کار نه‌هێناون. ئه‌شێ دیالیکتیکی مێژووی، یا ماتریالیستی مێژووی له‌نوسراوه‌کانیدا به‌رچاو بکه‌ون. به‌ڵام هه‌رگێز، زاراوه‌ی ماتریالیزم و زاراوه‌ی دیالیکتیکی به‌یه‌که‌وه نه‌نووسیوون و به‌کاری نه‌هێناون. که‌سانێکی وه‌ک لینین وستالین و زۆرکه‌سی تر توانیویانه درۆیه‌کی فه‌لسه‌فی واگه‌وره، به‌ناوی مارکسه‌وه یان به ناوی فه‌لسه‌فه‌وه بکه‌ن. ئه‌و درۆیه‌ش به‌گۆتره نه‌کراوه، دوو زاراوه‌ی فه‌لسه‌فی وه‌ک ماتریالیزم و دیالیکتیک بلکێنن به‌یه‌که‌وه ناوی لێبنێن فه‌لسه‌فه. زۆر ئارامانه‌و ووشیارانه ئه‌م کاره‌یان ئه‌نجام داوه. بۆ ته‌بریری مه‌نهه‌جی ئابوری و سیاسیان. به‌م هۆیه‌وه توانیان به‌ڵگه و عوزری فه‌لسه‌فییان پێبێت. بتوانن ئامانج و به‌رهه‌می شۆرش، بکه‌نه خۆراکی ده‌وڵه‌تێکی دیکتاتۆری ئاسنینی سوپایی. تا سێ چاره‌که سه‌ده، به‌ناوی شۆرشی ئۆکتۆبه‌ر و شۆرشی سۆسیالیستی، یان ( سه‌رمایه‌داری ده‌وڵه‌تی ) یه‌وه، کامه‌ی خراپه که له‌حیساب نایه‌ت به‌مرۆڤی بکه‌ن. یاخود درووستر، سه‌رمایه‌داری ده‌وڵه‌تی بێنه گۆڕ و ناوی کۆمۆنه‌ی یه‌گرتووی لێبنێن. دواتر بووه ئیمپراتۆریه‌تی روسیای (سۆڤییه‌تی) یه‌گرتوو، که

میتۆدی فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌م ده‌وڵه‌ت و پارته سیاسیانه ماتریالیزمی دیالیکتیکی ناونرا. ناوه‌رۆکی مه‌نهه‌جی فه‌لسه‌فییان جیاکردنه‌وه‌ی (بیر و واقیع) بوو. به‌پێوه‌ری ئه‌م فکرۆکه‌یه، واقیع یان ماده قه‌راری فکر ئه‌دات. به‌سه‌ده‌ها قووتابخانه‌ی ده‌وڵه‌تی و فێرگه‌یان بۆ ئه‌م مه‌به‌سته کردبۆوه. ساڵانه له‌سه‌رانسه‌ری جیهاندا به‌هه‌زاره‌ها کادێری نوێی گۆشکراو به‌ئه‌زمونی فکرۆکه‌ی (ماتریالیزمی دیالکتیکی) ئاماده‌ده‌کران.

بەگوێرەی بەرژەوەندییان، ئەم تێورییە بەسەر هەچ رووالّەتێکی کۆمەلاّیاتی و سیاسیدا هەبوو ئەزموندەکرا، کە قەرار بەدەست واقیع بوو. هەزاران هاورێی شۆرش لەزیندانەکاندا بەئەمری واقیع لە ناوبران و تێرۆرکران. یان بەئەمری مادە کە تەنیا بریاری کۆتایی بەدەستە لە ناوبران. جگە لەمانە چەندەها جەنگی ناعادیلانەیان دژی گەلان و وولاّتان بەرپاکرد و چەندەها پەیمانی ئابووری و سیاسی بەقازانجی چینی سەرمایەدار و داگیرکەر بەست. کە واقیع لە کۆتایدا هەرخۆیان و_بیرکردنەوەی خۆیان بوو.  بیری گەندەلّیان بەناوی فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکێووە پێش واقع خستبوو. زۆر لەسەری نەرۆم، بە کورتی و کرمانجی، مادە پێش فیکر بکەوێت یان بەپێچەوانەوە، لە هەردوو حالّەتەکەدا، جییاوازییان نابێت. ئەم جۆرە شێکردنەوەیە، کەمادە پێش بیر بکەوێت، یان بیر پێش مادەبکەوێت، دەماری برِبرِەی پشتی بیری شۆڤێنییە و عەقلّییەتی تەسلیم بوونە. ئەگەر ماوەم بدەن ئەتوانم تێزەکەم شیبکەمەوە.

پێش و پاشخستنی فکر و مادە، هەر هەمان واتا دەبەخشێت ئەویش مراندنی رەهایە. نە تەجریدە و نە ئەبستراکتە. هەندێ ئەنتەلکتوێل دەلّێن؛ بۆ تەجرید و تەشریح رەها دەمرێنین. راستە بۆ شیکردنەوە بریار دان تەشریحی واقیع دەکرێت. بەلاّم ئەمەی ئەمان دەیکەن تێرۆری واقیعە بە بیری لنگەوقوچیان. بەناوە فەلسەفەی مارکسیزمەوە واقیعێک لە مێشکیاندا بینادەکەن، کە بەرژەوەندی خۆیانە ، کە هیچ نییە تەنیا تەشویهی راستێکان نەبێت.

چونکە راستە رەها یەکە ( وحدانییە ) و لەهەمان کاتدا دوو پۆلە. هەردووکیشیان بەدژایەتی یەکتر دەژین و بەململانێی یەکتر وەحدانین. ئەگەر هەر کامێکیانمان پێش و پاش خست، بنەرِەتی یاسای دیالیکتیک رەچاو ناکەین. هەروەها ئەم دووپۆلە لە دژایەتییەکی سیمیترکی (symétrique) ، بەرابەری یەکساندان، ناکۆکن ویەگرتووی کاملن. ئەم پرۆسیسە پێی دەلّێن؛ تەجرید یان بەزبانی لاتینی (abstracts). نەک پێش و پاشخستنی دوو پۆلی دژوار، کە یەکگرتوون و "یەکن". واتە هۆی وجودیان ناکۆکییە، هۆی ناکۆکیشیان وجودییانە.

( بیر و مادە) لە یەک جودا ناکرێتەوە. چ مادە قەراری بیر نادات، چ بیر قەراری مادە نادات. هەرکامێکیان لە پێش یان لە پاش بێت، هەیچ نییە، تەنیا شێواندنی واقیع و بیر نەبێت. جگە لەوەی کە هۆش لە ( کات و شوێنی ) مێژووی خۆیدا، سەنگی هەیە.

بوئەم جیاکردنەوە و لەیەک بچراندنە، نمونەیەکی زیندوومان هەیە. هەندێ "خوێندەواری" کورد وایان لەخەلّکی گەیاندوە، تائابوریەکی بەهێزمان نەبێت ناتوانین ئەنجومەنێک یان دەولّەتێکی سەربەخۆمان هەبێت، یان ئاسانتر، تا ئابووری بەهێزمان نەبێت دەولّەتی سەربەخۆمان نابێت. ئەم جۆرە بۆ چوونە، جیاکردنەوەی بیرکردنەوەیە لە واقیع، تەنیا تەماعی توێژێک لەکومەلّی کوردەوارییە لەگەلّ هەندێ لەدکتاتۆرەکانی دەولّەتە دراوسێکانماندا یەک دەگرێتەوە. ئەگەر بەم پێوەرە فکرییە سەیری ژیانی کۆمەلاّیەتی بکەین، یاسای دیالیکتیک چەوتە. چونکە لەروانگەی فەلسەفەوە هیچ کامێکیان بەبێیەکتری هەنگاوێک ناچنە پێشێ. ئابووری مەحکەم بیری مەحکەم و ئازادی بیرکردنەوەی گەرەکە. مەنهەج و نەخشەی سەربەخۆیی زانستیانەی گەرەکە. چۆن میللەتێکی نائازاد دەتوانێت ئابوورییەکی ئازادی هەبێت؟. ئەگەر نەخشەو بەرنامەیەکی ئازادی نەبێت. چۆن میلەتێک پارەو مالّ و مولّکی لەژێر چنگی کەسانێکی تردابن، بەمەرجێ ئەوکەسانە دیکتاتۆر و نازانست و لاهوتی بن، دەتووانن ئابوریەکی سەربەخۆیان هەبێت !!.

مادە و بیر لە مەنهەجی دیالیکتیکی وەدەردەێنن، بەتەنیا ناوی فەلسەفەی ماتریالیستی لێدەنێن. بەجودا دەیکەنە فەلسەفەیەکی تر. وەک خۆیان دەلّێن فەلسەفەی ماتریالیزمی رێبازی فیۆرباغ، لەگەلّ فەلسەفەی دیالیکتیکی رێبازی هێگلیان بەیەکەوە گرێداوە. ئەدی بەگوێرەی تێبینیان، فەلسەفەی هێگل ئایدیایی بوو ئەوان رۆحی ماتریالییان کردە گیانیەوە. لەم بارەیەوە هێگل لە مێژووی فەلسەفەدا دەلّێت؛ کاتێک فەلسەفەکان بەرێژەیەک هەمەرەنگوو جیاوازبن، ئەوە دەرئەنجام دەکەین، کەفەلسەفەکانی تر، بەزەرووڕەت، فەلسەفەی گومراو و سەر لێشێواون. یان تەنیا کۆمەلّەیەکن لەبەر ئەوەی بریار دەردەکەن، بەلّگە دەهێننەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەر خۆیان تاکە فەلسەفەیەکی راستن (2) .

لای مارکس ( بیر و مادە ) لەیک جودا ناکرێنەوە، بەشێوەیەکیتر، ئەگەر ووشەکان دەرفەتم بدەن بلّێم، فکر ئەلیمەنتێکی (عونسورێکی) مادییە. ئەو واقیعەی ئێمەی بەوشێوەیە دەی بینین، مێژووی گزافی بیر و مادەبێت. بەهەر دووکیان لەگەلّ رابردوو و داهاتوودا، لە پەیوەندییەکی دیالیکتیکیدابن، یان لە پەیوەندییەکی ململانێدابن. باشترین نمونە؛ مۆخە، کە لەیەک ئان و کاتدا (مادە و بیر)ە. بەلاّم لە کن لینین بۆ تەبریری خودی بێری ومەنهەجەکەی، واقیع دەکاتە شاهید، واقیع دادەبرێ لە فکر یان ئەتوانین بلّێین، لە دیالیکتیک، لە میتۆدی عەقلّی فەلسەفی. هێگلّ لە مێژووی فەلسەفەدا دەلّێت؛ فەلسەفە، هیچ نییە جگە لەوەی کە میتۆدێکە  هەموو یاساکانی سرووشت، و دیاردەکانی ژیان و هوشیاری، رەنگ دانەوەن لەم حەقیقەتەدا. (2)

بەگوێرەی مێژووی زانست (بیر و مادە)ی هەر سەردەمێک، ئاوێتەی ئەوسەردەمەیە تێیدا ژیاوە، کە لە سیلەی رەحمیدا، فەلسەفەی داهاتوو، کە قاتیلی خودی خۆی هەڵگرتووە، واتە دووگیانە. مانای ئەوەنییە فەلسەفەی پێشوو لنگەوقووچە ئیتر ئەم هەڵگێرانەوەو پاڵەوان بازییەی بۆ چییە، ئەگەر نایانەوێت بڵێن بیر لەپێش مادەوەبێت، لنگەو قووچە.

ئەم راستییە زیاتر لە زانستی سروشتدا دەرئەکەوێت. هەرچەندە زانستی سروشت ئامانجی بەرهەم هێنانە وسەمبۆلەکانی ئەپستراکتن و زمانی ماشێنی بەرهەم هێنانن. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، مەجبوورم کە مێژووی ماتماتیک بکەمە شایەد. چونکە جگە لەزانست شاهێدیتر شک نابەم. بۆیە هاتنە کایەیی ژمارە، ئەدیسیێون، ( موڵتی پلیکاسیوێن )، ئەلجەبر، تاکوو دەگاتە (ئاوێتەی کۆمپلێکس) و (مەتریس). هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستدا ماتماتیکی بول بەدوایدا ماتماتیکی نوێ و لۆجیک بەجۆرەکانیەوە، هاتوونەتە کایەوە. ئەمانە ئەوە نیشان ئەدەن، کەهەر قۆناغە، زانیاری خۆی هەبووە.

نمونەیەکی زانستی تر لەسەرەتای سەدەی پێشوودا، زانستی فیزیا ریگایەکی تری گرت کە لەسەرەتادا هەستی پێنەکرا تا 30ی ساڵ بەسەریا تێنەپەر بوو، تا گۆرانکارێکە بەسەر ئەم زانستەدا بووە شۆرشێکی مەزن. ئەوە بوو کە فیزیای کلاسیک لەبەر بێتوانای مەجبوور بوو، رێگا چۆڵ کات بۆ فیزیای نوێ، دەراسەت و ئەزموونەکانی بەسەر دیاردەکاندا، کە بە چاو نەدەبینران دەکران (3). ئەمە بەشێکە لە مێژووی ( هۆش و مادە )، کە لە ئاوێنەی مێژوودا و لەزەمەنی خۆیاندا دەرئەکەون.

مێژوو بریتییە لە گزافی (بیر و مادە)، قۆناغێکی بیری نوێ ئەسلەن بەبێ قۆناغی پێشووتر و دواتری ووجودی نابێت. ئەوەتا هێگل هەر لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت؛ ئامانجی فەلسەفە دەبێت مەعریفە بێت، بەو چۆنیەتیەی کە فەلسەفە، زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکی مەعریفە بووە، لە ناو زەمەندا دەرکەوتووە. لەپێشەکی گشتی رەخنەی ئابوری سیاسیدا مارکس دەڵێت ؛

بزوتنەوەی هۆش، هیچ نییە عەکس دانەوەی، جوڵەی واقع نەبێت، کە ترانسپۆرتی تەکوینی ، لە دەماغی مرۆڤدا کردووە (4). ئەم شیکردنەوەیەی مارکس یەک پایە و شەلە. ئەگەر نەڵێین؛ هۆشیش بەهەمان شێوە، جارێکیتر لەهەمان کاتدا تەئسیری خۆی لەسەر واقیع کردووە. جابەم شێوەیە بوون بەیەک تەکامل یان یەک یەکێتی، ئەویش یەکێتی (بیر و واقیع)ە.

لە سەر هەمان مەنزور و بەشێوەیەکی تەکاملتر هێگڵ لەئەنسکلۆبیدیای عەقڵدا دەڵێت ؛ بیر هیچ نابێت، لەپارانەوە بۆ بوون یان (واقیع) نەبێت، وە بەپێچەوانەوە، واقیع نابێت کە بەهۆی بیر یان (فکر) وە نەبێت. ئەم چەند ووشە بەهێزەی هێگل و مارکس ، ئەوە ناگەێنێت، کە مادە و هۆش پێش و پاش کەوتوون. بەڵکو مۆغ، مادەیەکە کەدەتوانێت، شکڵی واقیع هەزمکات و هەردوو پێکەوە، داهێنەری مێژوو و بزوتنەوەبن، کە لەگەڵ رابردوو وئێستا وداهاتوودا لە پرۆسیسی دیالیکتیکیدان. واتە (بیر و واقیع) یەکن و رەهان، ناکۆکن و یەکگرتووی کاملن.

ئەی لە دیالیکتیکدا بۆ وەزنی تێگەیشتن، ناڵێین هۆی بوون ( وجود ) دوو پۆلی دژوارە، هیچ پۆلێکیان پێش ئەوەکەی تریان نییە، هەرئانێک لەو (بوون)ەدا، سیمەتریک (symétrique) نەبن، بوونەکە نامێنێت، یان بەهەردووکیان دەبنە ( بوون )ێکی تر، کە ئەم بزوتنەوەیە مێژوو دروستدەکات یان خودی مێژووە.

نزم کردنەوەی ئاستی زانیاری و مێژووی هەموو هۆشی مرۆڤایەتی، لە تەنیا تاکە کەسێکدا. بکرێتە سەمبۆڵ، ناونرێت فلان نیزم، وەک مارکسیزم یان لینینیزم، یان هەر کە سانێک لە زانیاریدا بۆ گۆرینی جیهان کارییان کردبێت، بکرێنە کەسەنیزم، لە مامەحەمەی زیاتر هیچی تر نییە. هەر لە کانتە وە بیگرە تا سپینۆزا و هێگل و کەسانیتر، هەر هەموویان، خەیاڵی، نازانستی، لنگەوقووچی و زۆرشتی تر نەبوون، بەڵکوو بزوتنەوەی مێژووی و بیری سەردەمی خۆیان بوون.

ئەگەر ئەم جۆرە رەووشتە بیرکارییە پاشقولێکی گەورە نییە ئەی چییە؟، لەسەردەمی مارکسدا، لە ناو جوڵانەوەی شۆرشگێریدا، کەس پێی نەووتبوو مارکسیزم، لە گەڵ ئەوەی مارکس دیالکتێکی مێژوویی هێگڵی لە ئابووریدا بەکار هێنا. بۆ شەرحی فایزی بەها، شەرحی مێژووی دابەشکردنی کار و هەروەها بۆ مێژووی شۆرشی چینایەتی، بیری هێگڵ پاڵ پشتی بووە. بزوتنەوەی بیری هێگڵ، وەک خۆیان دەبێژن لنگەوقووچ بووە، ئەمان خستوویانەتە سەر پێ. بەهەمان شێووە و لەسەر هەمان مەنزوور دەتوانین بڵێین: نەخێر لنگەو قووچانە لە فەلسەفەی هێگلیان روانیووە. بۆیە دوای سێ چارەکە سەدە ئەوەی رەشەبا بەدەواری شڕ دەکات، لەوەی خراپتر بە بیری لنگەوقووچیانی کرد.

هاتنی کارەکانی هێگل و مارکس سەردەمێکی مێژووی بوو، کەزانستی کلاسیکی، وەک ماتماتیک، فیزیا و شیمی وەڵامی زۆرپرسیاری بەرهەمهێنانی سەردەمیان نەئەدایەوە. بە بەرپابوونی شۆرشی زانستی لەکۆتای سەدەی نۆزدەهەم دا، یارمەتیدەرێکی مێژووی بوو بۆ شۆرشی (هۆش و مادە). لە دووای مارکس و ئەنجلیسەوە قۆناغێکی بەرزتر لە هۆش و مادە نمایەش بوو، هەر بۆ خۆیان باس لەوە

دەکەن؛ لە سەرەتای مێژووی بزوتنەوەدا، کەتەنیا بیرکردنەوەیان نەبوو، کە تاکەکانی لەئاژەڵ جیادەکاتەوە؛ بەڵکو بۆ بژێوییان، بەرهەم هێنانیان دەست پێکرد (6) . واتە کارکردنیان بۆ گۆرینی واقیع و تەئسیری سروشت لەسەریان جیای کردنەوە لەئاژەڵ.

مارکس ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات، تا بەرهەم هێنان بەرەو پێشەوە بچێت، بیر بەرەو تەکاملتر دەچێت. لێرەدا پێویستە کەمێک دورتر لەم رستەیە بڕوانین، تا بتوانین بۆ ئەم بیرکردنەوەیەی مارکس و ئەنجلیس. بیرکردنەوەی هێگل بۆ بەشی دووهەمی زیاد کەین: کە بڵێین راستە بەرهەم هێنان لەئاژەڵمان جوودا دەکاتەوە، بەڵام بیرکردنەوە جارێکی تر تەئسیر دەکاتە سەر پێشخستنی ئابووری و بەرەوپێشەوەی دەبات. بەمەرجێ لەبیرکردنەوەدا ئازادبین و سەربەخۆیانە نەخشەی ئابووری دارێژین لنگەوقووچ نەبین.

لێرەدا دەرئەکەوێت هێگل لەم بارەیەوە کەمتر لە مارکس لە ژێڕ تەئسیری زانیاری میکانیکدا بووە. هەرچەندە ئەم بابەتە پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە و پێویستی بە نووسراوێکی تایبەتی هەیە. ئەوەتا هێگل لەمێژووی فەلسەفەدا ئەڵێت؛ فەلسەفە مەعریفەیە، هەرکاتێک بنەرەتیەکانی بیر پەرەدەسێنێت، فەلسەفە کاملتر و موتڵەقتر خۆی دەنوێنێت.

تەئسیری شۆرشی زانیاری دونیای بیرکردنەوەی بەرو تەکامل تر بردووە، کاتێک میشێل فوکۆ بەباشی باسی ئەم قۆناغە دەکات، کە زانیاری مۆدێرنی، سەدەی نۆزدە و بیستەم، ئینسانی وەک بابەتێکی زانیاری داهێنا، ئەمەش لە سەدەی بیستەمدا لەسێ مەجالدا، (لەدەراسەتی تێکست و زانستی زمانەوانی و دادگاییدا) دەرخست. (ئابوری سیاسی) و (زانستی بایلۆجی)، هەموو شکلی ئینسانیان کردە بابەتێکی زانیاری، کە مرۆڤ قسەدەکات، کاردەکات، و ژیان گوزەراندەکات. دکتۆری زانستی دەروونی و زانستی کۆمەڵایەتی کاردەکەن، کە مرۆڤ بکەنە بابەتێکی مەعریفی (7). ئەو مادە مەعریفەیەی، لێرەدا دەبیینین و هەستی پێدەکەین، مادە و هۆشە، کە مەعریفەی مرۆڤە لەقۆناغێکی ژیانی دیاریکراوی مرۆڤدا.

ئەم بابەتە دەمان باتە مەدارێکەوە، کە هەستدەکەین، مارکسیزم دوو فەلسەفەی مووتربەکراو؛ دیالیکتیکی هێگل و ماتریالیزمی فییۆرباخ نین. دواجار لەم موتربەکردنە دارێکی بەرداری عەجایبی لێدەرچوو بێت، بۆ هاوین ماتریالیزمی دیالیکتیکی گرتبێت. بەم جۆرە موتربەکردنە، دەبێت چەندەها فەلسەفە هەبن کەئەمە دژی حەقیقەتی فەلسەفەیە. جگەلەمانە ئەوراستییە بشارنەوە کە هەر سەردەمێکی مێژوویی زانست، بیرکردنەوەی خۆی هەیە. کە بیرکردنەوەی قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکات. هەروەها بیر یان واقیع پێشوو پاشی خرێن، هێزێکی ئاینی و رۆحی دەکرێت بە بەریاندا. پێش و پاش خستنی بیر و مادە، دەمان باتە مەدارێکەوە کە لایەکیان دەبێتە سەمبۆڵ یان لاهووت، لاکەیتری عەوام. یەکێکیان دەبێتە خالیق ئەوی تریان مەخلووق. لایەکیان بنەماڵە، لاکەیتریان بێبنەماڵە، لایەکیان خۆفرۆش لاکەیتری فرۆشراو. ئەدی چۆن لایەکیان پێشکەوت ئەگەر پەنجەی مووحەریکی خوداوەندانە نەبێت. کەئەمەش ئەمان باتەوە بۆ هەمان بیرۆکە ئەویش سەمبۆلیزمە، کە خالقی سەر زەمینە. کەخالقی سەر زەمینیش خەلیفە و سەرەک هۆزەکانە. یەکەم بیری نەگۆر و چەقیووە. دووهەم تا هیچ کەس نەتوانێت رەخنەیان لێبگرێت. سێهەم کەسێکی سەمبۆڵاوی دەبێت پێشرەوی لایەکیان بێت. لە کۆتایدا دەبنە بیری خەلیفە و سەرکردەی نەگۆڕ، بەخۆییان و ماڵ و مناڵ و خێلەکەیانەوە. ئاساییە لینین ئاوی رشت بێچۆکان قاچیان تێخست و خۆیان پیسکرد.

---

(1) Introduction générale à la critique de l'économie politique (1857), Marx I p2 .

le mouvement de la pensée n'est que la réflexion du mouvement réel, transporté et transposé dans le cerveau de l'homme. Marx I, 558

(2) هێگل مێژووی فەلسەفە .

(3) Arthur march, la physique moderne et ses théorios

(4) لەپێشەکی گشتی رەخنەی ئابوری سیاسیدا .

(5) L'idée n'est le vrai que par la médiation de l'être, et inversement, l'être ne l'est que parcell celle de l'idée. Enc. 133.

(6) لە کتێبی ئادیای ئەڵمانی

(7) لە کتێبی ( les mots et les choses) دا، ( ووشەکان و شتەکان ) مسوێ فووکۆ میشێل.